# ئاخۆ خەڵك چاوەڕوانی چی لە رۆژنامە دەكات ؟*

**محەمەد كوردۆ**



دوای دەرچوونی ئەو چەند ژمارەیە لە رۆژنامەی (رۆژنامە)، یەك دوو جار ئەوە وترا كە خەڵك چاوەڕوانی هێرش‌و نووسینی زۆر توندیان لە رۆژنامە كردووەو پێیانوابووە یان پێیانوایە كە رۆژنامە دەتوانێت لە ماوەیەكی دیارییكراودا گۆڕانكاری گەورە بكات‌و دنیا بكاتە ماستی مەیو و هتد...

راستە هەندێك لە خەڵك ئەم چاوەڕوانییەیان لە رۆژنامە هەبووە، بەڵام پێویستە بپرسین: ئاخۆ زۆرترینی خەڵك چاوەڕوانی چییان لە رۆژنامە كردووە؟

بەبڕوای من زۆرترینی خەڵك، بەخەڵكی ئاسایی‌و نوخبەی سیاسیی‌و رووناكبیرییشەوە، چاوەڕوانی دوو شتی زۆر سەرەكییان لە رۆژنامە كردووە:

یەكەم: زانیاریی‌و هەواڵ.

دووەم: رەخنە.

خەڵك چاوەڕوانی ئەوەیان كردووەو دەكەن كە رۆژنامە ئەو هەواڵ‌و زانیارییە گرنگ‌و پڕ بایەخانەیان بداتێ وا پەیوەندی ریشەیی‌و قووڵیان بەژیانی ئێستاو ئایندەی خەڵكەوە هەیەو بەهۆی نەبوونی شەفافیەتەوە خەڵك دەستی بەسەرچاوەكانیان ناگات.

رۆژنامە بەر لەهەرشت واتە هەواڵ‌و وەك (شاهۆ سەعید) لە كۆڕێكدا وتی: "تەنها هەواڵ بۆ هەموو كەسێكەو خەڵك تیایدا هاوبەشن".

هەواڵ لە رۆژنامەدا تایبەت نییە بە هیچ جۆرێك لەخوێنەرو هیچ كایەیەك‌و هیچ خەڵكێكی دەستەبژێر.

لە رۆژنامەدا ئەوەی كە دەتوانین وەكو خوانێكی گشتیی تەماشای بكەین‌و هەمووومان لە دەوری كۆببینەوە، بەپلەی یەكەم هەواڵە.

من ئەدەب دەخوێنمەوەو تۆ نایخوێنیتەوە، تۆ زانست دەخوێنیتەوەو من نایخوێنمەوە، من‌و تۆ وتار دەخوێنینەوەو ئەو نایخوێنێتەوە، ئەو وەرزش دەخوێنێتەوەو من‌و تۆ نایخوێنینەوە، بەڵام هەموومان هەواڵەكان دەخوێنینەوە.

بێگومان ئەم قسانە هەرگیز بە مانای كەمكردنەوە نیین لە بەهای هیچ كایەو بوارێك، چونكە هەموو كایەو بوارەكان نرخی تایبەتی خۆیان هەیەو هەر یەكەیان لە شوێنی خۆیاندا حسابیان بۆ دەكرێت‌و خاوەنی خوێنەری خۆیان‌و هەر رۆژنامەیەك بیەوێت بچێتە ناو زۆرترین خەڵكەوە، ناتوانێت خۆی لە هیچ كایەو بوارێك ببوێرێت، یان راستتر كارێكی باش ناكات ئەگەر خۆی ببوێرێت.

بێگومان لێرەدا قسەمان لەسەر رۆژنامەیەكە، بیەوێت بچێتە نێو زۆرترین خەڵكەوە نەك ئەو رۆژنامانەی تایبەتن بە بوارێك‌و بایەخ بە شتێكی دیاریكراو دەدەن.

***

ئێستا لە كوردستاندا گەندەڵیی گەیشتۆتە رادەیەك تۆماس فریدمان باسی دەكات، ئەوەتا دەڵێت: " كوردستان سویسرا نییە، تا ئێستا گەندەڵییەكی زۆر هەیە" .

هەموو لە بیرمانە كە تەنها لە سنووری ئیدارەی سلێمانیدا، وەك حكومەت خۆی ئاشكرایكرد، هەزاران مووچەخۆری دووبارەو وەهمیی هەبوون، كەچی نەمانبینی كەسێك، تاقە كەسێكیان لەسەر سزا بدرێت!!

لە ئیدارەی هەولێریشدا خوا دەزانێت چی هەبووە.

ئەوەی لە كوردستاندا روودەدات، وەك محەمەدی حاجی مەحمود وتبووی: "گەندەڵیی نییە، تاڵانییە بە نوێژی نیوەڕۆ".

دەكرێت لێرەدا بەیەك نمونەی زیندوو، تارادەیەكی باش قەبارەی ئەو گەندەڵییە روونبكەینەوە، كە لەم وڵاتەی ئێمەدا هەیە:

لە ژمارە (476)ی رۆژنامەی (ئاسۆ)دا راپۆرتێك بڵاوكراوەتەوە، تیایدا بەرپرسێكی باڵای ئەمریكا تەئكید لە خەرجكردنی (750) ملیۆن دۆلاری وڵاتەكەی دەكاتەوە لە كوردستان.

جەمال عەبدوڵا- ی جێگری وتەبێژی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستان، لەو بارەیەوە دەڵێت: "حكومەت هیچ بڕێك لەو پارەیەی بەدەست

نەگەیشتووەو بەهیچ جۆرێك ئاگای لە چۆنێتی سەرفکردنی نییە".
ئەو دەڵێت: " لە بڕی (20)ملیار دۆلاری حکومەتی ئەمریکا کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی عیراق تەرخانی کردبوو، تەنها (3٪) ی ئەو بڕە پارەیە بۆ کوردستان سەرفکراوەو حکومەتی هەرێمیش ئاگای لەسەرفکردنی ئەم بڕە کەمەش نییە".
ئەمریکییەکان دەڵێن تا ئێستا (600) ملیۆن دۆلاریان لەبواری گەشەکردن‌و مافەکانی مرۆڤدا لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە سەرفکردووە.
وتەبێژی حکومەت نەیتوانیووە بڵێت ئەو بڕە پارەیە لە کوردستان سەرف نەکراوە، کەچی دووپاتی کردۆتەوە کە حکومەت ئاگاداری سەرفکردنی نییە.
باشە لە وڵاتێکدا ملیۆنان دۆلار خەرجبکرێن‌و کەس نەزانێت چۆن چۆنی خەرجکراون‌و حکومەت نەك هەر لێیان نەکۆڵێتەوە، ئامادەش نەبێت ئەوە بۆ خەڵك ڕونبکاتەوە کە کێ خەرجیکردون‌و چۆن‌و لە چیدا خەرجکراون، دەبێت خەڵك جگە لە میدیاکان چاوەڕوانی کێ بکات ڕێگە لە تێپەڕینی کارێکی وا بگرێت؟!
لەم وڵاتەی ئێمەدا ئەوەی بە ڕاستی‌و تا ڕادەیەکی زۆر گەندەڵ‌و یاساشکێنەکان سڵی لێبکەنەوە میدیایە.
میدیا ئەو تاکە ڕەقیبەیە بەسەریانەوە کە نازانن چۆن خۆیانی لە چنگ ڕزگار بکەن‌و چۆن کاتێ دەستیان ئاشکرا دەکات، پینەی بکەن‌و نامەو کاغەزی کێی بۆ بهێنن تا وازیان لێبهێنێت !!
لێرەوەیە کە خەڵك چاوەڕوانییەکی زۆری لە ڕۆژنامە هەبووەو هەیە، لەو ڕاستییانە ئاگاداری بکاتەوەو ئەو هەواڵ‌و زانیارییە گرنگانەی بداتێ کە نازانێت چۆن پەیدایان بکات.
جگە لەمە خەڵك چاوەڕوانی زۆرترین ڕەخنە لە ڕۆژنامە دەکات، چونکە دەبینێت زۆرترین گەندەڵی‌و ناڕێکی‌و نادادپەروەریی هەیە.
ڕەخنەش مەرج نییە بە زمانێکی توندوتیژو وروژێنەرانە بنووسرێت، لە ڕاستیدا ڕەخنە یەك مەرجی هەیە ئەویش ئەوەیە ڕەخنە بێت، شتەکان بخاتە ژێر پرسیارەوەو سەرنجی خەڵکیان بۆ ڕابکێشێت‌و تیشکیان بخاتەسەرو ڕێگە نەدات کپ‌و بێدەنگ‌و بەناو تاریکیدا تێبپەڕن !!
بەکورتی‌و بە کوردی، من بڕوام وایە ڕۆژنامە بۆ ئەوەی خەڵك دووچاری نائومێدی نەکات، پێویستی بەوەیە هەمیشە هەوڵبدات زۆرترین‌و گرنگترین هەواڵ‌و زانیارییان بداتێ‌و ڕووبەرێکی باشیش لەلاپەڕەکانی خۆی بۆ ئەو ڕەخنانە تەرخانبکات کە بەڕاستی ڕەخنەن.
بێگومان بۆچوون‌و بیروڕای دیکەو جیاوازیش هەن، هیوادارم لەمبارەیەوە قسە بکرێت.
*ئەم بابەت لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دا بڵاوبۆتەوە.